بەشوێن پێکانی گەنجێکی دەست بەتاڵدا

(2)

# چاوەڕوانیەکی بێ مانا



**محمد حسێن**

گەنجی کورد ئەیتوانی چیمان بۆبکات و تائێستا نەیکردووە ؟ بۆ چی هێز و تواناییەکانی ئەم پاڵەوانە گۆڕانخوازە بێ کەڵك لێوەرگرتن هەروا بەسەرمانا تێئەپەڕێت و ئێمەیش لێی بێ باکین , ئەشێت هاتنە حزور و قوڵ لێ هەڵماڵینیان ( گەر ڕۆژێك خواکردی !) چ تەکانێك بەنەخشەی گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بدات , ئەو گۆڕانەی کە هێشتا نەهاتۆتە ناو ژیانی بەشی هەرە زۆری هاوولاتیانەوە , کەچی ڕۆژنیە بەرپرسەکانمان فشەی پێوە نەکەن و نەیکەنە نمونە بۆعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوینیش .

ئێمە چاوەڕێی گەنجین و گەنجیش بۆخۆی گرفتارە , چاوەڕێی هێزێکین بێت گلۆڵەی سەرەو لێژبوەوەی ماڵی کوردمان بۆبگێرسێنێتەوە , گەنجان ئەکەینە ئەم هێزە فریادڕەسە و هەموو چاوەڕوانیەکانی خۆمانی پیا هەڵئەواسین , بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم چاوەڕوانیە ڕوبەری نائومێدیەکانمان زیاتر ئەکات . لەوە ئەچێت پێش هەر لایەکی تر کێشەی ئێمە لەگەڵ کەلەسەری خۆماندا بێت , لەناو بەرزی سەقفی چاوەڕوانیەکانماندا بێت بەرامبەر گەنج , نەك ئەوەی گەنجان خۆیان چیان پێ ئەکرێت و لەکوێی دینامیکیەتی گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندان , لەکوێی ئەوعەتاڵی و بەتاڵیەدان هەمووبانی سڕکردووە .

پێوسیت نیە زۆر باسی کلێشە ئینشاییەکانی وەسفکردنی گەنج بکەین لەلایەن نەوەی باوکەکانەوە , سەنگینی و قەبەیی ئەو ناونیشان و سیفەتانەی فۆرماتی کارەکتەری ئەم توێژە سەرگەردانەی کۆمەڵگای کوردی پێ ئەکرێت , توشی سەرئێشەیی کردوین ... بۆ ساتێك ئەیانکەنە پیاوی دواڕۆژی وڵات , وەك خاوەن وزەو توانایی نوێ قسە لەسەر ڕۆڵ و ئەرکە گرنگەکانیان ئەکرێت , هەرکاتێکیش لە بازاڕی تەکەتولات و حیزبایەتیدا خواستیان لەسەر بوو , پێیان ئەڵێن " وڵات و حیزب و کاروانی تێکۆشان

چاوەڕێتانە ". وەك ئەوەی شەپۆلی گۆڕانەكان سەری لەكۆمەڵگای ئێمە شێواندبێت و تەنهاله لە ڕۆڵی گەنجێكی جەنتڵمانمان كەم بێت !

دیارە كێشەكە هەر ئەوە نیە ئەم بانگهێشتكردنانە لانی كەمی ڕاستگۆی و جدیەتی تیا نیە , دورە لەهەر نزیكبونەوەیەكی ڕاستەقینەیش بۆجیهانی ئەو گەنجە بەدبەختانەی بەدەست فحولەت و غەریزە سەرەتاییەكانیانەوە داماون , بەڵكو لەو چاوەڕوانیە ناماقوڵەوە سەرچاوەی گرتووە كەبۆ ڕۆڵ و كارەكتەری گەنج هەمانە , كە لەزۆر ڕووەوە هاوشێوەی چاوەڕوانی پارتە كۆمۆنیستە ڕۆژهەڵاتیەكانی سەدەی پێشووە .. وەك چۆن ئەوان لەكۆمەڵگایەكی جوتیاری پێش پیشەسازیدا چاوەڕێ بوون چینی كرێكاری هۆشیار و خاوەن ئیرادە بێتـە مەیدان و شۆڕش بكات و دەوڵەتی شۆسیالیزمیان بۆدروست بكات , ئەمڕۆ هەمان چاوەڕوانی ئەفسانەیی لە كۆمەڵگای كوردیدا ئەبینین , بەڵام بەجیاوازی وێنەی فریاد ڕەسەكەوە , كە پرۆلیتاریاكەی پێشتر گۆڕاوە بۆ گەنجانی ئەمڕۆ , ئیتر هەرهەمان عەقلیەت وبیركردنەوە لەكاردایە و هەروا لە چاوەڕوانیدایە , بێ ڕەچاوكردنی لانی كەمی ئەو ڕاستیانەی هێزو توانایی و حەقیقەتی گەنج نیشانمان ئەدات , دەخوازن ئەوەی كە هەموو كۆمەڵگای كوردی دەستەوەستانە لەبەدیهێنانیدا , بەدوو ئافەرین و دەست لەپشتدان ئاشی شۆڕشی گەنجانەی بۆ بخەنە گەڕ .

دیارە ئەمە ئەنجامێكی سروشتی هەموو ئەو كۆمەڵگانەیە لەپرۆژەی گەشەكردن و بەمۆدێرنكردندا Modernization دا تێك دەشكێن , دواتر و بەناچاری دێن بەشوێن ( هیوا لەدەست چووەكانیاندا )ئەگەڕێن , ئیتر ئەم هیوا لەدەست چووانە جاری واهەیە ئوسامە بنلادن ئەبێت , بزوتنەوەی حەماس ئەبێـت , یان وەك ئەمڕۆی عێراق ئەنجومەنەكانی سەحوەئەبێت .. لەوانەیە ئێمە زۆر خۆشبەخت بین , كە هیوالەدەستچوەكانمان لەناو توێژی گەنجاندا دۆزیوەتەوە , چونكە گەروەكو سۆماڵ و جەزائیر و یەمەن لەگروپە توندڕەو و فەنەتیكەكاندا بماندۆزیایەتەوە , هەر وەك ئێستا وا ئەبوین تەنها بڕی كارەساتەكانمان گەورە تر و زیاتر ئەبوو , خۆشبەختانە گەنجی كورد گەر دەرفەتی نواندنی ڕۆڵێكی باش و بیناكەریشی پێ نەدرابێت , ئەوا لانی كەم توێژێكی بێ زیان بوون لەوڵاتدا , هەمیشە زۆرترین خواست و ویستی گۆڕان و چاكسازیش هەر لەناو ئەم توێژەوە بەكۆمەڵگای كوردیدا بڵاو بۆتەوە .

هەموو كەسێك بەقەدەر توانایی و بواری خۆی چاوەڕێی هەوڵ و ئیشكردنی لێ ئەكرێت , چاوەڕوانی ناماقوڵ تەنها شۆك و ڕاچەنینی گەمژانەی لێ سەوز ئەبێت , هەركەسێك سەیری ڕۆڵ ونەخشی گەنجی كورد بكات لەكایە جیاجیاكانی كۆمەڵگاو ئابوری و سیاسیەتدا , ناچارە زۆر خەیاڵبڵاوانە چاوەڕوان نەبێت , سیاسەت و ئابوری لەكوردستاندا لەو جۆرە نیە گەنجی دەستپێشخەری تیادروست ببێت , كورد واتەنی " لەم قورە هیچ تۆزێك هەڵناسێت " , گەنجان گەر بە دورە پەرێزی و كۆڵدانیش ناچار نەكرێن ئەوا پێویستە لەناوئەجێندای پیرەكاندا كار بكەن و هەر وا لەفەلەكی ئەواندا بخولێنەوە . پێش ئەوەی پرسیار لەگەنجێك بكرێت چیت پێیە بۆ ئەم وڵاتەی بكەیت , پێویستە بزانرێـت لەم وڵاتەدا ئەو چۆن پەروەردە كراوە , خێزان و خوێندنگاو حیزب و زانكۆ تاچەند لەسەر بیناكردنی ژیان ڕایهێناوە , چ كەسایەتیەكیان بۆڕەنگڕێژكردوە . گەنجێك كە بەتاق و تەنها ژیانی خۆی بۆدابین نابێت , چۆن ئەشێت بیكەیتە پاڵەوانی بەدی هێنانی كۆی پرۆژەوخەونە تێكشكاوەكان .

سیاسیەکانی کورد هەمیشە مەسەلەی چارەنوسساز وشەڕی ڕەوایان هەیەبۆئەوەی گەنجی پێوەخەریك کەن , هاوکات دروشمی بریقەدارو بەڵێنی هەنگوێنیشیان هەیە تا ڕازیان بکەن , وەڵێ ئەوەی زۆر بەکەمی ئەبینرێت کردەو هەنگاوی جدییە بۆ هاریکاری و لێکترگەیشتن , کردنەوەی دەرگاکانی بەشداری سیاسی لەبەردەمیاندا , هاوبەشی کردنیان لەبەرپرسیارێتی و پرۆسەی بڕیار دروستکردندا .

muhemedhusen@yahoo.com